مەسرور بارزانی: قبوڵی ناکەین دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێت

مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەنجامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندراوە و وەکو پارتی هیچ هەوڵێك بە گەیشتنی ئەنجامەکان قبوڵ ناکەین. دەشێت، "پێویستە یاسای هەڵبژاردن بگۆڕدرێت، چونکە ئەمەی ئێستا دادپەروەرانە نیە".

مەسرور بارزانی، ئەمە چوارشەممە لە میانەی کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە دهۆك ڕایگەیاند، هەموو لایەك شایەتی ئەوەیان بە ئەدەن کە پارتی هەر لە سەرەتاوە ویستوێتی کابینەی حکومەتی هەرێم زوو دەستپێبکات. لایەنەکانی تر ئەبە بەرپرسیارێتی دواخستنی هەڵبگرن.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەرچەندە یاسای هەڵبژاردن هیچ دادپەروەرییەکی تێدا نەبو، لە کاتێکدا پارتی بە زیاتر لە یەک ملیۆن و 100 هەزار دەنگ تەنیا 27 کورسی بەدەستهێناوە، بەڵام لایەنی دیکە هەن بە 680 هەزار دەنگ کە نیوەی دەنگەکانی پارتییە، ئەوەش کێشەیەکی یاساییە و پێویستە یاساکە بگۆڕدرێت.

مەسرور بارزانی، دەستکاریکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ڕەتکردەوە و دوپاتی کردەوە، "ئەمە وەک پارتی قبوڵی ناکەین دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێت".